زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر

كۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی باخچەی منداڵان


قۆناغی دووەم

# دەروونزانی گەشەی منداڵ


ئامادەكردنی

م.ی. نهله نورالدین محمد

nahla.mohammad@su.edu.krd

# چەمکەکانی دەروونزانی گەشە

- گەشە
- پێگەیشتن
- گەشەسەندن

# مەبەست لە گەشەکردن

- مەبەستمان لە گەشەکردن سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لە ئەنجامی کارلێکردنە کیمیاوییەکانی ناو لەشەوە ڕوو دەدەن و دەبنە هۆی زیاد بوونی درێژی و کێش و بارستایی لەش ، بەمەبەستی گەیشتن بە ئاکامە سەرەکییەکەی کە ئەویش خۆی لە تەواو بوونی گەشەکردن و پێگەیشتن و بەردەوام بوونیدا دەوترێتەوە .



# مەبەست لە پێگەیشتن (النضج ) :

- کۆمەڵە کردارێکی فسیولۆژی یە مانایەکی دیاری کراوی هەیە، یارمەتی تاك دەدات بۆ بەریوەچوونی چالاکییەکانی و کۆمەڵە ئەرکێکی تر، پێگەیشتن لە رێگای گەشەکردنی ئەندامێکە  کە بە شێوەیەکی راستەو خۆ کار دەکاتە  سەر ئەرکەکانی ئەندامەکانی تر ،ئەمەش  زیاتر دەگەرێتەوە بۆ هۆکارە بۆماوەییەکان .دیاردەی پێگەیشتن تەنها لە سەر  یەك رێرەو دیاری ناکرێت، وە پێگەیشتن بەهەمان رێژە لە هەمو منداڵێك روو نادات چونکە پەیوەست نییە بە تەمەنی کاتی مرۆڤ .





- بەڵام **چەمکی گەشە** بە مانا **گشتیەکەی** بریتیە لە (لایەنی گۆڕانی پێکهاتەیی و گۆڕان لە ڕەفتاری تاك و توانستەکانی دا، وەك دەرئە نجامێك بۆ چالاکیەکانی، و شارەزایی لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەندامەکانی جەستەی، و هەروەها گۆڕانکاریەکانی کە لایەنی کەسایەتیشی دەگرێتەوە وەك( لایەنی ژیری، و یژدانی، کۆمەڵایەتی )

**گەشەسەندن ( تطور ) = گەشە ( چەندایەتی ) + پێگەیشتن (چۆنایەتی)**

# ئەو قۆناغانەی سایكۆلۆژیای منداڵ پێدا تێپەریوە تا گەشەی كردووە

❖ قۆناغی پێش بە زانستی بوون :

١) مرۆڤی سەرەتایی : سەرچاوەی زانیاری زۆر سادە وەك :

أ دایك : هەست كردن بە كۆمەڵێك گۆڕانكاری فسیۆلۆژی و دەروونی ( گێڕانەوەی بۆ منداڵ ).

ب یادگاری دایكان و باوكان : یادگاری و بەسەرهاتی مناڵی دایكان و باوكان دەربارەی قۆناغی مندالی.

یادگاری منداڵی باوك ( ڕۆیشتن بۆ ڕاو بۆ كشتوكاڵ ) ، دایك ( چێشت لێنان و كاركردن ) ، تا ئیستاش ئەم سەرچاوەیە ( بەردەوامە لە زانیاری ) ، وە مەرجیش نیە ڕاست یان هەڵە بێت ( نموونەی سكپڕی )

ج سەرنجدان و تێبینی كردن و لاسایی منداڵەكان : منداڵی یەكەم لە باوانەوە .. زانیاری و مناڵی دووەم لە مناڵ یەكەم ....... زانیاری .

# ئەو قۆناغانەی سایكۆلۆژیای منداڵ پێدا تێپەریوە تا گەشەی كردووە

٢) فەلسەفەی یۆنانی كۆن :

١. تەماشای ڕۆڵی هەریەك لە پیاو و ئافرەتی دەكرد لە دروست بونی منداڵدا، منداڵ بە سپێرم دەبێتە ( كۆرپەلە ) بە بێ هێلكۆكە .

٢. بەڵام هەرچی ئەركی دایكە ئەوا بریتی بوو لە هەڵگرتنی لەسكی و بەخشینی خۆراك پێی لە ڕێگای جەستەوە و پاشان لە دایك بوونی.

# ئەو قۆناغانەی سایکۆلۆژیای منداڵ پێدا تێپەریوە تا گەشەی کردووە

٣) **ئەفلاتون** : ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ لە تەمەنی ( ٧-١٨ ) ساڵی بە ( دەوڵەت ) بسپێردرێ.

- لە ( ٥ ) ساڵی یەکەم توانست و حەزوو ئارەزووەکانی منداڵ دیاری بکرێت .
- ڕەچاوکردنی ( جیاوازی تاکی ) لە ( پسپۆری )
- پەروەردەی باش هاوتەرییە لەگەڵ وەرزشی باش ..... ڕاهێنانی عەسکەری
- پرۆگرامی خوێندن ( شارەزایی و زانیاریەکان ، موسیقی و هونەر و ئەدەبی جەستە .... هتد ) .

# ئەو قۆناغانەی سایکۆلۆژیای منداڵ پێدا تێپەریوە تا گەشەی کردووە

٤) بەڵام هەرچی ( ئەرستۆی ) فەیلەسوف و بلیمەتە ئەوا لەو بڕوایەدابوو کە ژیان دروست دەبێت لە ئە نجامی کۆ بونەوەی ( مادە ) و ( وێنە ) وە لەم بوارەشدا :

مادەی بە ئەندامی مێینە و وێنەی بە ئەندامی نێرینە هەژمار کرد کە بەبڕوای ئەو ئەمەی کۆتاییان ئامازەیەکە بۆ تەواو کاری و عاقڵیەت بەڵام هەرچی ئەندامی مێینەیە ئەوا ئامازەیە بۆ هەڵچون و کەم و کورتی.


بەهیوای سەرکەوتن